# ڕاپۆرتی پڕۆژەی

# چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ لە شاری سلێمانی

ناوەندی نیشتیمانی بۆمافی مرۆڤ

بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (**NED**)

ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ لە شاری سلێمانی

بۆ ساڵی ٢٠١٨ – ٢٠١٩ بڵاو دەکاتەوە

ڕاپۆرتی سێیەم

ئامادەکردنی : ستافی پرۆژە

## پوختەی پرۆژە:

ناوەندی نیشتیمانی بۆ مافی مرۆڤ، له ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن ژمارەیەك لە پارێزەران و چالاکی کۆمەڵی مەدەنی و یاساناسان دامەزرا ، گرنگی بەپرسی مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا و چەسپاندنی دیموکراسی دەدات، لەوچوارچێوەیەشدا بە پاڵپشتی سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (**NED**) ئەمریکی بۆ ماوەی چوارساڵە بە شێوەیەکی بەردەوام کار لە پرۆژەی (چاودیری ڕەوشی مافی مرۆڤ لە شاری سلێمانی)یدا دەکات، لێرەدا کە ڕاپۆرتی سێیەمی پرۆژەکەیە کار لەسەر چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ کراوە بە هەمو لایەنەکانییەوە و بەشێوەیەکی ورد و لەڕێگای فۆڕمی ڕاپرسییەوە چاودێری و بەدواداچونەکان ئەنجامدراوە، لەم ڕاپۆرتەدا کار کراوە لەسەر هەریەك لە :

- بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی.
- خانەی داڵدەدانی ژنان.
- بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلیمانی.
- بنکەکانی پۆلیس.

هەریەکە لە ( بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، خانەی داڵدەدانی ژنان ، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلیمانی) لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاگیراوان و سزادراوان و کەیسەکاندا کراوە، لە چوارچێوەی ئەو پرسیارانەی کەلەفۆڕمەکەدا هاتون توانراوە تەواوی لایەنەکانی پرسی مافی

مرۆڤ تیشکی بخرێتە سەر، بتوانرێت پرۆسەیەکی چاودێری ورد و ئامانجدار ئەنجامبدریت، کۆی گشتی فۆرمەکان (١٢١) فۆرم پرکراوەتەوە، کە بەم شێوەیە دابەش بووە:

- بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ٥٢ فۆرم
- خانەی دالدەدانی ژنان ٣٠ فۆرم
- چاکسازی ژنان و مندالان ٣٩ فۆرم

پرۆژەکە بە گشتی کاری کردوە لەسەر چاودێریکردنی تەواوی لایەنەکانی پەیوەندیدار بە ڕەوشی مافی مرۆڤ، بە مەبەستی دەستکەوتنی ئامارێکی ورد وە پشت بەستن بە داتا پرۆسەی چاودێریکردنەکە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە ئەنجامدراوە ، جگە لە بنکەکانی پۆلیس کە بەشێووەی ڕاپۆرت پرۆسەی چاودێریکردنەکە ئەنجامدراوە، هەولدراوە داتاکان بەشێوەیەکی زانستیانە شیبکرێتەوە بەمەبەستی دەست نیشانکردنی کێشە و گرفتەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

لە دوسالی ڕابردوودا ڕاپۆرتی یەکەم و دووەمی پرۆژەی چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ لە شاری سلێمانی خراوەتە ڕو، لەم ڕاپۆرتەدا هەولمانداوە بەشێوەیەکی وردتر بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی کە لە دوو ڕاپۆرتی پێشوودا ئاماژەی پێکرابوو .

ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان سال بە سال لە پاشەکشێدایە ، بەتایبەت لە دوای دەستپێکردنی شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش ڕەوشەکە بەرەو خراپتر ڕۆشت ، بەشێوەیەك کە هەندێك حالەت و

لێدوان و بڕیار دەردەکرا کە هەمولایەکمان پێمان وابو ئەو قۆناغەمان بڕیوە.

## دەتوانین لێرەدا چەندین حاڵەت وەك نمونە بهێنینەوە:

- دەستگیرکردنی نایاسایی هاوڵاتیان و ئەندامان و کادیرانی حیزبەکان بە تۆمەتی سیاسی و بونی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ حیزبێکی دیاریکراو، وەك تۆمەتێك بەکارهێنراوە و لەدەرەوەی هەمو ڕێکارو دەقێکی یاسایی خەڵك دەستگیرکراوە، لایەنە ئەمنییەکان بە ئاشکرا ئاماژەیان بەوەداوە کە بەهۆی دەسگیرکردنی ئەندامان و کادیرانی حیزب لەژێر دەسەڵاتی حیزبی بەرامبەر، ئێمەش ئەندام و کادیرانی ئەوان دەستگیر دەکەین.
- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نیودەوڵەتی لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو مێرد منداڵانەی لە هەرێمی کوردستان بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر دەکرێن ڕوبەڕوی ئەشکەنجە دەبنەوە.
- دەستگیر کردنی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بە کۆمەڵ لەدەرەوەی بڕیاری دادگا، وە هێشتنەوەیان بۆ ماوەیەك بە نادیاری و وەپڕکردنەوەی بەڵێننامە پێیان بە شێوەیەکی نایاسایی.
- پیشاندانی تۆمەتبار لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی دانپیێدانەکانیان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا و پێش یەکلایی بوونەوەی دۆسییەکانیان، کە ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی یاسا و دژی بنەماکانی مافی مرۆڤە.

ئەم پاشەکشەیە لە رەوشی مافی مرۆڤ و مامەڵەی ناتەندروستی هێزە ئەمنییەکان دابڕاو نییە لە پاشەکشەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی و سەروەری یاسا، دەستخستنە ناوکاروباری دەسەڵاتی دادوەریی و بە حیزبی کردنی جومگەکانی ئەو دەسەڵاتە ، ڕێخۆشکەر بووە بۆ دەربازبوونی ئەو کەس و لایەنانەی کە پێشێلکاری دەکەن لە لێپرسینەوەی یاسایی و لەدەستدانی متمانە بە یاسا و دادگا لە لایەن هاوڵاتیانەوە .

بەو هۆیەی کە پڕۆژەکە تایبەتمەندە بە چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ لە شاری سلێمانی، وە بەئامانجگرتنی هەریەك لە (بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلیمانی، خانەی داڵدەدانی ژنان، بنکەکانی پۆلیس) بەمەبەستی چاودیریکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لەو شوێنانەدا، وەدیاریکردنی گرفت و کێشەکان و ئەوپێشێلکارییانەی کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە .

## بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی

بەشی گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، سەربەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، تایبەتە بەو تۆمەتبارانەی کەلەقۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردندان و تەمەنیان لەسەرو ١٨ساڵەوەیە ، بەشی گرتن و گواستنەوە ی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بەشێوەیەکی بەردەوام ٣٥٠ – ٤٠٠ ڕاگیراوی تێدایە لە پیاوان و ژنان ، بەهۆی درێژە کێشانی دادگایی کردن و لێکۆڵینەوە ماوەی مانەوەی زۆرینەیان ساڵ زیاتر دەخایەنیت و لەهەندی کەیسدا تا چوار ساڵ درێژە دەکێشێت ، بەتایبەت لەسالآنی ڕابردودا بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمی ماوەی دەوامکردن و هەندێ جار مانگرتنی فەرمانبەرانی دادگا ، بەتەواوی پرۆسەی دادگایی کردنی ڕاگیراوانی خاو کردبویەوە و هەندێ جار بە ٢ مانگ نەدەبرانە بەردەم دادوەر ، کەمی ژمارەی دادوەرانی لیکۆڵینەوە و دادگای تاوانەکان گرفتێکی تری بەردەم ڕاگیراوانە کە گرفتی بۆ ئەوان و لەهەمان کاتدا بۆ دادگا و ئیدارەی گرتن وگواستنەوەش دروست کردوە.

کێشە و گرفتەکان تەنیا بە درەنگ کەوتنی ماوەی دادگایی و لێکۆڵینەوەکان ناوەستن ، بەڵکو لایەنی تەندروستی ڕاگیراوان گرفتە گەورەکەی ژیانی ڕۆژانەیانە ، کە هیچ خزمەتگوازارییەکی ئەوتۆی پزیشکییان نیە ، بنکەیەکی تەندروستی لەناو کابینەیەکدا بە ژمارەیەکی دیاری کراو دەرمانەوە بەبێ بونی پزیشکی پسپۆڕ ، بەتایبەت (ددان و پێست کە گرفتی تەندروستی زۆریان لەم دوبوارەدا هەیە) بۆ زۆرینەی نەخۆشییەکان تەنیا حەبی پاراسیتۆڵ دەدرێتە ڕاگیراوان ، کاتێك شروبییان

دەدرێتێ لە بوتڵی ئاوخواردنەوەدا دەیاندرێتێ بۆ دوژەم و لەگیرفنیاندا هەڵیدەگرن ! بەدەگمەن ئەگەر دکتۆرێکی پسپۆڕ بۆ پێوستترین حاڵەت سەردانی ڕاگیراوان بکات تەنانەت لە کاتی نەشتەرگەری کردن بۆ ڕاگیراوێك دواتر دەبێت بۆ بەدواداچونی پزیشکی ببرێتە دەرەوە وبهێنرێتەوە کە ئەمەش بارگرانی و مەترسی دروست دەکات بۆ ئیدارە و خودی کەسی راگیراو..

سەرەڕای چەندین جار ئاگادار کردنەوەی بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی لەکێشەو گرفتەکانی ئەم بەشە بەڵام تائێستا هیچ بەدەمەوە هاتنێك نیە بۆ ئەم کێشەو گرفتانە!

کۆنی و بچوکی بینای بەشی گرتن و گواستنەوە گرفتێکی تری ڕاگیراوانە ، بونی ژمارەیەکی زۆری ڕاگیراو لە هۆڵێکدا ، نەبونی روناکی پێویست ، نەبونی هۆڵی وەرزش ، نەبونی کتێبخانە ، سەرەڕای نەگونجاوی شوێنی یەکبینینی ڕاگیراوان و گەسوکاریان لەبەر نەبونی شوێنی گونجاوی دانیشتنیان کە لە زستاندا سارد و لە هاویندا گەرمە و دەبیتە هۆی دروست بونی قەرەباڵغی و بێزاری و دروست کردنی فشار بۆ کارمەندانی بەشەکە.

ئەوەی سەردانێکی کورتی بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بکات ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە بۆچی تۆمەتباران سود لە سزادان وەرناگرن ، کاتێك دێنەوە بۆ ناو کۆمەڵگا هەمان تاوان و بگرە خراپتریش ئەنجامدەدەن، کاتێك هیچ پۆلێن بەندییەك ناکرێت بۆ

ڕاگیراوان لەکاتی ڕاگرتن مادە یاساییە قورس و سوکەکان تێکەل دەکرێن، تۆمەتبارە خاوەن ئەزمونەکان و تۆمەتبارێکی ئاسایی سەدەها ڕۆژ و شەو بەیەکەوە دەبن، لەدەرئەنجامدا ئەو تۆمەتبارەشی بەڕێکەوت توشی تاوانێکی سوك بوە هەندێ جار بە کاریگەری تۆمەتبارەکانی تر کاتێك دێنە دەرەوە تاوانی قورستر ئەنجام دەدەن ، هەمو ئەمانەش تەنیا لەبەر نەبونی شوێنی پێویستە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتباران.

لەڕوی یاساییەوە نابێت هیچ کەسێك ڕابگیرێت تەنیا بەفەرمانی دادوەر نەبێت، بەڵام هەندێ جار دادوەران ڕاگرتنی تۆمەتبار وەك سزا سەیر دەکە، تۆمەتباران ڕاناگرن لەبەر پێداویستی ڕەوتی لێکۆلینەوە یان بۆپاراستنی گیانی تۆمەتبار لە تۆڵە لێکردنەوەی لەلایەن تاوان لێکراو یان کەس وکارییەوە، بەڵکو وەك جۆرێك لە تەمبێ کردنی تۆمەتباران سەیری دەکەن کە زۆرجار ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە و بە تێکەڵکردنی تۆمەتبار لەگەڵ تۆمەتبارانی تر شارەزایی لە ئەنجامدای تاوان زیاتر دەکات و دەبێتە گرفت بۆ خێزان و کۆمەڵگا و پۆلیس و ئاسایش و دادگا.

ئەم گرفتە دەبێت ئەنجومەنی دادوەری چارەسەری بکات ئەویش بەوەی کە دادوەرانی بە ئەزمون بکاتە دادوەری لێکۆڵینەوە نەك ئەو دادوەرانەی کە دەست دەکەن بەدادوەری ڕاستەوخۆ دەکرێنە دادوەری لیکۆڵینەوە، چونکە راگرتنی تۆمەتبار و مامەلەکردن لەگەڵ تۆمەتبار بەشیوەیەکی گشتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئازادی تاکە کەسی و مافی مرۆڤەوە هەیە کە دەبیت زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

## خانەی دالْدەدانی ژنان

خانەی دالْدەدانی ژنان لەسالْی ٢٠١٤ دامەزراوە ، تایبەتە بە ئەو ئافەرەتانەی کە ڕوبەڕوی توندوتیژی و هەڕەشە دەبنەوە لەلایەن کەسە نزیکەکانیانەوە و پاشان بە بڕیاری دادوەر هەوالْەی خانەی دالْدەدان دەکرێن، بەلاّم بهۆی ئەوەی کە جیگایەکی تایبەت بە ئافرەتانی بێلانە بونی نییە دادوەران بەهەمان شێوە ئافرەتانی بێلانە هەوالْەی خانەی دالْدەدان دەکەن کە دەبێتە هۆی دروست کردنی کێشە و گرفت بۆ خانەی دالْدەدانی ژنان و ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو دروست دەکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەرکی خانەی دالْذەدان بریتی نیە لە لەخۆگرتنی ئافرەتانی بێلانە، پاساوی دادوەران بۆ ئەم بڕیارەیان ئەوەیە کە هیچ شوێنێکی تر بونی نییە تا بتوانن ئەو ئافرەتانەی بۆ هەوالْە بکەن و مانەوەیان لەسەر شەقام دەبێتە هۆی دروست بونی دەیان کێشە و گرفت بۆ ئافرەتانی بێلانە و ڕوبەڕوی دەست درێژیان دەکاتەوە، وە لەهەمانکات شێوازی دادگایی و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کەیسەکان لە دادگا گرفتێکی تری ئافرەتانی هەڕەشە لێکراوە کە بەهۆی دواکەوتنی زۆری کەیسەکانیان و دروست کردنی بەربەست لەبەردەم گەیشتن بە مافەکانی خۆیان، لایەنێکی تر بێپلانی و خەمساردی حکومەت لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری بۆ خانەی دالدەدانی ژنان ، بەتایبەت خزمەتگوزاری تەندروستی بەهەمو بەشەکانییەوە ، لە دابینکردنی دەرمانی پێویست و پزیشکی تایبەتمەند ی ژنان و پسپۆڕی دەروونی، کە ئەم لایەنەیان لە نزمترین ئاستیدایە و

سەرەرای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندار لە وەزارەتی تەندروستی بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنراوە لەوبوارەدا.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەڵدەستن بەدابین کردنی خزمەتگوزاری یاسایی بۆ کەیسەکان و توانیویانە تا ئاستیکی زۆرباش نوێنەرایەتی کەیسەکان بکەن لە بەردەم دادگاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا، هەندێجار ئەوئافرەتانەی دەنێردرێنە خانەی داڵدەدانی ژنان مندالیان لەگەڵدایە، سەرەڕای بوونی دایەنگایەکی تایبەت بەو منداڵانە بەلام هیشتا بە ژینگەیەکی لەبار و گونجاو نازانریت بۆ ئەو منداڵانە ، کاتێك تەمەنی منداڵە کوڕەکان دەگاتە شەش ساڵ دەنیردرینە خانەی نەوجەوانان و منداڵە کچەکان هەرلەویدا دەمێننەوە تا یەکلایی کردنەوەی کەیسی دایکەکانیان.

لە بنەڕەتدا بینای خانەی داڵدەدانی ژنان بەتایبەت دروست نەکراوە بۆ داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو بەڵکو بۆ مەبەستێکی تر دروست کراوە و دواتر دراوەتە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بەکاریبهێنن وەك خانەی داڵدەدان، کە ئەمەش وای کردوە نەتوانرێت وەك پێویست ڕەوش و گوزەرانیکی لەبار بۆ ئافرەتانی داڵدەدراو فەراهەمبکرێ

## بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی


بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی سەر بەوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەریمی کوردستانە، تایبەتە بە ژنانی سزادراو وە ئەو تۆمەتبارانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوەیە و لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان، سەرەڕای کۆنی و نەگونجاوی بیانەکە بۆ بەریوەبەرایەتییەکی چاکسازی، بەڵام توانراوە تا ئاستێکی باش پێداویستییەکانی تۆمەتبار و سزادروان دابین بکرێت، بەو هۆیەی کە سزادراوان و ڕاگیراوانی خوار ١٨ ساڵ لەم چاکسازییەدا دەمێننەوە جێگای خۆیەتی گرنگی تایبەتیان پێبدرێت ، وەبتوانرێت پرۆگرامێکی پەروەردەیی و دەروونی وەها دابنرێت کە جارێکی تر سزادراوان نەگەڕێنەوە سەر تاوانەکانیان ، هەرچەندە بەداخەوە تائێستادا نەتوانراوە وەك پێویست کار لەسەر ئەم لایەنە بکرێت بەهۆی گرنگی پێنەدانی لایەنی پەوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

گرفتی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی لایەنی تەندروستییە، سەرەڕای چەندین جار ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئاوڕێکی جدی لەم بابەتە نەدراوەتەوە و ڕەوشی تەندروستی بەردەوام لە پاشەکشێدایە و گرفتی گەورەی دروست کردوە .

## ▪ بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پاریزگای سلێمانی

### کۆی گشتی فۆڕمەکان : ٥٢

زۆرینەی ڕگیراوان لە ڕەگەزی نێرن بەڕێژەی لەسەددا (٦٠) وە لە سەددا (٤٠) ی ڕاگیراوان لە ئافرەتانن




| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| نێر | 31 | 59.62 |
| مێ | 21 | 40.38 |


- زۆرینەی ڕەهای ڕاگیراوان کوردن و دانیشتووی هەرێمی کوردستانن ، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوەبکرێت کە بونی کەسانی بیانی لە هەرێمی کوردستان نەبۆتە سەرچاوەی گرفت و کێشە بۆ دەزگا ئەمنییەکان و دادگاکان

نەتەوە

| ڕێژە | ژمارە | نەتەوە |
|---|---|---|
| 92.31 | 48 | کورد |
| 3.85 | 2 | ئێرانی |
| 1.92 | 1 | سوری |
| 1.92 | 1 | عەرەب |

- ئاگاداربونی کەس و کاری ڕاگیراوان لە ڕاگرتنیان مافێکی سەرەتایی ڕاگیراوان و کەس و کاریانە ، لێرەدا کەسانی بیانی ئاماژەیان بەوەداوە کە کەس و کاریان ئاگاداری ڕآگرتنیان نین بەهۆی نەبونی هیچ هۆکاری پەیوەندی کردن بەکەس وکاریانەوە، کەئەمەش جگە لەوەی بێبەش بونی کەساوکاری ڕاگیراوانە لە هەواڵی ڕاگیراوەکان لە هەمان کاتدا گرفتی بۆ ڕاگیراوانی بیانی دروست کردوە بۆ ڕایی کردنی مامەڵەی یاسابیان و دادگایی کردنیان.


ئایەخێزانەکەت ئاگادارن کەدەستگیرکراویت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 49 | 94.23 |
| نەخێر | 3 | 5.77 |

- زۆرینەی ڕاگیراوان لە ڕەگەزی نێرن وەهاوسەردارن ، وە لەژنانیش بەهەمان شێووە هاوسەردارن .


باری خێزانی




| باری خێزانی | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| خێزاندار | 41 | 78.85 |
| سەڵت | 10 | 19.23 |
| جیابۆوە | 1 | 1.92 |


- زۆرینەی ڕاگیراوان ئاماژە بەوەدەکەن کەپێش دەستگیرکردن ئاگادار کراونەتەوە بە فەرمانی دەستگیرکردنیان لەلایەن دادوەرەوە ، وە ژمارەیەکیشان ئاماژە بەوەدەکەن کە پێش دەستگیرکردن ئاگادار نەکراونەتەوە و ڕاستەوخۆدەستگیرکراون.

ئایە پێش دەسگیرکردن ئاگادار کراویتەتەوە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 47 | 90.38 |
| نەخێر | 5 | 9.62 |


- لەکاتی ڕاگرتنی تۆمەتبار و لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا تۆمەتباران ئاماژەبەوە دەکەن کە پێیان ناوترێت مافی هەیە کە پارێزەری مونتەدەبی بۆ دابنرێت وەك ئەوەی کە لەقۆناغی دادگایی کردندا بۆی دابین دەکرێت لەلایەن دادگاوە ، لە کاتێدا بە پێی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی تۆمەتبار لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا ئەگەرخۆی پارێزەری نەبو دەبێت لەلایەن دادگاوە پارێزەری بۆ ئینتیداب بکرێت.




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 30 | 57.69 |
| نەخێر | 21 | 40.38 |
| | 1 | 1.92 |

- چاوپێکەوتنی ڕاگیراوان لەلایەن خێزانەکانیانەوە یەکێکە لەمافەکانی تۆمەتبار وەنابێت بێبەش بکرێت لەومافە تەنیا بە بڕیاری دادگا نەبێت بەهۆکارێکی دیاریکراو وە بۆ کاتێکی دیاریکراو، ئەوەی کە جێگەی ڕەخنەو گازندەی تەواوی ڕاگیراوانە نەگونجاوی  شوێنی سەردانیکردن و چاوپێکەوتنی کەسوکاریانە، کە شوێنێکی نەگونجاوە و لە هاویندا گەرم و لە زستاندا ساردە و شوێنی دانیشتنی تێدا نیە .


ئایە ڕێگە بە خێزانەکەت دەدرێت سەردانت بکەن؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 48 | 92.31 |
| نەخێر | 4 | 7.69 |

- مامەڵەی کارمەندانی هێزەئەمنییەکان بەگشتی لەکاتی ڕاگرتندا تائێشتاش بە پێی پێویست باش نیە بەتایبەت لە وکەیسە یاساییانەی پەیوەندیدارن بە تیرۆر و مادەی هۆشبەر و شەرکردن، لەکاتی دەستگیرکردنی تۆمەتباراندا توندوتیژییەکی زۆر بەکاردەهێنرێت کە زۆرجار بەکارهێنانی ئەوتوندوتیژییە هیچ هۆکارێکی پێویستی نیە و تەنیا نەبونی هۆشیاری مامەڵەکردنە لەلایەن ئەندامانی هێزەئەمنییەکانەوە .


مامەڵەی پۆلیس چۆن بوو؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ڕادەیەک | 47 | 90.38 |
| باش | 3 | 5.77 |
| خراپ | 2 | 3.85 |


- بونی ئەشکەنجەدانی تۆمەتباران به ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەییەوە تا ئێشتاش لە ئاستێکی بەرزدایە ، بەتایبەت لە کاتی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەدا ، بەهۆی کەمی هۆکانی دۆزینەوەی تاوانباران و کەمی هۆشیاری سەبارەت بە مافی تۆمەتبار زۆرجار تۆمەتباران ڕوبەڕوی ئەشکەنجەدان یان مامەڵەی توندوتیژدەبنەوە لەلایەن هێزەئەمنییەکانەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی تۆمەتباری ڕاستەقینە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکاندا، کەئەمەش پێچەوانەی یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی تۆمەتبارە.

ئایە ئەشکەنجە دراویت؟





| ڕێژە | ژمارە | |
| --- | --- | --- |
| 65.38 | 34 | نەخێر |
| 34.62 | 18 | بەڵێ |

- زۆرینەی ڕەهای ئەشکەنجەدراوان ئاماژە بەوەدەکەن کە لەکاتی دەستگیر کردن و لێکۆڵینەوەدا ڕوبەڕوی ئەشکەنجە بونەتەوە .





| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 28.85 | 15 | کاتی لێپرسینەوە |
| 9.62 | 5 | ڕۆژی دەستگیر کردن |
| 1.92 | 1 | لە بەندینخانە |

- زۆرجار ئەشکەنجەدان بە لێدان یان بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئەشکەنجەدان نییە ، بەلکو مامەڵەی خراپ و جنێودان و هەراسان کردنە بەمەبەستی دانپێدانانی تاوان لەلایەن تۆمەتبارەوە.




| | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| دەرونی | 14 | 26.92 |
| جەستەیی | 8 | 15.38 |

- دادگاکان لە بەدواداچون بۆ ئەوکەیسانەی کە تۆمەتباران تێیدا ئەشکەنجەدراون لە ئاستێکی زۆرلاوازدایە و تۆمەتباران ئاماژە بەوەدەکەن کە زۆرجاردادگا یان گوێیان لێناگرێت یان بەدواداچون بۆ کەیسی ئەشکەنجەدانیان ناکات، لەکاتێدا ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار لەیاسای سزادانی عێراقیدا تاوانە وەك هەرتاوانێکیتر پێویستە دادگا لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام بدات.





| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 21.15 | 11 | نەخێر |
| 13.46 | 7 | بەڵێ |

لایەنی پزیشکی لە بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی سلێمانی لە خراپترین ئاستیدایە ، سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە کێشە گرفتەکان بەڵام هیچ بەدواداچونێکی ئەوتۆ ی بۆ نەکراوە و دۆخی تەندروستی وەك سالآنی پێشتر ماوەتەوە و بەڵکو خراپتر بوە، بەهۆی بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی بەهەڵگرتنی بنکەتەندروستیی لە بەشی گرتن و گواستنەوە و کۆکردنەوەی هەمو بەشە تەندروستییەکان لە چاکسازی گەروان ، سەرەڕای بریارەکە بەڵام بنکەی تەندروستی لەبەشی گرتن وگواستنەوەدا ماوەتەوە ، بەڵام دەتوانین بڵێین کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بەهۆی پاڵپشتی نەکردنی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە ، کە ئەمەش کێشەو گرفتی گەورەی بۆ تۆمەتباران و بەڕێوەبەرایەتی بەشی گرتن و گواستنەوە دروست کردوە.

- وەرگرتنی پێداویستی تەندروستی تەنیا خۆی لەهەندیك حەب و دەرماندا دەبینێتەوە ئەویش بەڕێژە و جۆرایەتی زۆر دیاریکراو، وەبەهیچ جۆرێك دکتۆری پسپۆڕ سەردانی ڕاگیراوان ناکات ، لەکاتی پێویستدا دەبێت ڕەوانەی دەرەوە بکرێن کە ئەمە لەلایەك گرفت بۆ بەشی گرتن وگواستنەوە دروست دەکات لەلایەکی تریشەوە مەترسی بۆسەرگیانی تۆمەتباران دروستدەکات.


ئایە لەکاتی نەخۆشیدا چارەسەری پزیشکی وەردەگریت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 36 | 69.23 |
| تا رادەیەک | 8 | 15.38 |
| نەخێر | 6 | 11.54 |


- پێداوستی پزیشکی لەبەشی گرتن و گواستنەوەدا تەنیا دەرمان دابین دەکرێت ، ئەویش تەنیا هەندێك جۆری دەرمانی تایبەت بونی هەیە ، وەلەکاتی پێویستدا بەشێوەیەکی زۆر نا تەندروست لەلایەن ڕاگیراوانەوە هەڵدەگیرێت .

... ئایە پێداویستی پزیشکیت بۆ دابین کراوە؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 57.69 | 30 | بەڵێ |
| 28.85 | 15 | بە پێی پێویست نیە |
| 13.46 | 7 | نەخێر |


- هەرچەندە پێشکەش کردنی خواردن لە ئاستێکی باشدایە بەڵام دووبارەبونەوەی زۆری ژەمە خۆراکەکان و ڕاچاونەکردنی باری تەندروستی ڕاگیراوان ، بۆتەهۆی دروست بونی نیگەرانی و ناڕەزایی بەشێك ڕاگیراوان




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 33 | 63.46 |
| خراپ | 19 | 36.54 |


- بەهۆی نەگونجانی بینای بەشی گرتن و گواستنەوە ژمارەیەك لە ڕاگیراوان ئاماژە بەخراپی جێگای مانەوەیان دەکەن ، بەهۆی زۆری ژمارەی ڕاگیراوان لە یەك ژوردا و نەبونی مەرجەکانی تەندروستی تێیدا.

ژورەکەت چۆنە؟





| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 63.46 | 33 | باش |
| 36.54 | 19 | خراپ |

- ژمارەیەك لە ڕاگیراوان بەهۆی بونی گڵۆپ و ڕوناكی لە شەودا هەست بەبێزاری دەكەن كە بەدرێژایی شەو گڵۆپەكان ئشدەكەن و ناكوژێنرێنەوە .




| ڕێژه | ژماره | |
|---|---|---|
| 82.69 | 43 | باش |
| 17.31 | 9 | خراپ |

- پاکوخاوێنکردنەوەی شوێنی ڕاگیراون لەسەر ڕاگیراوان خۆیانە و خۆیان هەڵدەستن بەپاککردنەوەی شوێنی مانەوەیان .





| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 92.31 | 48 | باش |
| 7.69 | 4 | خراپ |

## ▪ خانەی دالّدەدانی ژنان

## کۆی گشتی فۆڕمەکان: ٣٠فۆڕم

- لە تەواوی ئەو فۆڕمانەی کە پڕکراونەتەوە هیچ کەیسێکی تێدا نیە کە خاوەن بڕوانامەی زانکۆبێت ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و نەبونی هۆشیاری پیویست هۆکارێکی بەهێزن بۆ ئەوەی ئافرەتان ڕوبەڕوی توندوتیژی ببنەوە و نەتوانن بەسەر کێشە و گرفتەکانیاندا زاڵببن و بەشێوازێکی جیاوازتر گرفتەکانیان چارەسەربکەن .

بڕوانامە




| بڕوانامە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 11 | 36.67 |
| دواناوەندی | 10 | 33.33 |
| ناوەندی | 8 | 26.67 |
| نییە | 1 | 3.33 |

- زۆرینەی کەیسەکان کەڕوبەڕوی هەڕەشەبونەتەوە خێزاندارن و هاوسەرگیرییان ئەنجامداوە و لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەرییاندا ڕوبەڕوی هەڕەشە بونەتەوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ، کە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە لەچوارچێوەی هەڵکشانی ڕێژەی جیابونەوەی خێزانەکان حاڵەتی هەڕەشە بۆسەر ئافرەتانیش زیادی کردوە .


باری خێزانی




| ڕێژە | ژمارە | باری خێزانی |
|---|---|---|
| 60 | 18 | خێزاندار |
| 33.33 | 10 | سەڵت |
| 6.67 | 2 | جیابۆوە |


- بوونی پاریزەر بۆ بەدواداچوون بۆ کەیسی ئافرەتانی داڵدەدراو بابەتێکی گرنگ و پێویستییە بۆچارەسەر کردن و بەدواداچون بۆ کەیسەکانیان ، وە پێویستە ئاماژە بەوەبدەین کە دابین کردنی پاریزەر بۆکەیسەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە بوە کە توانییویانە خزمەتگوازری یاسایی و دابین کردنی پاریزەر بگرنە ئەستۆی خۆیان ، بەڵام سەرەرای ئەوەش نەتوانراوە پاریزەر بۆ تەواوی کەیسەکان دابین بکرێت ، کە ئەمەش هۆکارە بۆ پێشێلکردنی مافەکانیان و بەرێوەنەچوونی کەیسەکانیان وەك پێویست.

ئایە پاریزەرت هەیە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نەخێر | 17 | 56.67 |
| بەلێ | 13 | 43.33 |


ئەگەر نا ،بۆچی؟




| | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| ئەمویستوە | 11 | 36.67 |
| بۆم دابین نەکراوە | 6 | 20 |

- بەشێوەیەکی گشتی کەیسەکان کێشەو گرفتێکی ئەوتۆیان لەگەڵ ستافی ئیداری شیێڵتەردا نیە و توانراوە مامەڵەیەکی باش و گونجاویان لەگەڵ بکرێت ، هەندێکجار بەهۆی نەبونی شارەزایی تەواو و پێویست لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لگەڵیان ڕووبەڕوی کێشە و گرفت دەبنەوە، وە وەڵامی ئیدارە بۆ کێشەو گرفتەکان لە ئاستێکی بەرزدایە و توانراوە چارەسەری گرفتەکان بکرێت.

**کێشەت لەگەڵ کام لەمانەی خوارەوە هەیە؟**





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| هیچیان | 26 | 86.67 |
| چاودێر | 2 | 6.67 |
| ئیدارە | 1 | 3.33 |
| بەڕێوبەر | 1 | 3.33 |

مامەڵەی ئیدارە چۆنبوو لەگەڵت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 15 | 50 |
| زۆر باش | 13 | 43.33 |
| خراپ | 1 | 3.33 |
| مامناوەند | 1 | 3.33 |


لە کاتی بونی کیشەو گرفت ئیدارە وەڵامی داواکاریەکانت دەداتەوە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 29 | 96.67 |
| نەخێر | 1 | 3.33 |

- ئەو ئافرەتانەی کە ڕووبەڕوی هەڕەشەدەبنەوە و پەنا بۆ خانەی داڵدەدانی ژنان دەبەن ، پێویستە بە بڕیاری دادگا بهێنرێنە خانەی داڵدەدان ، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە هەندیك جار لەکاتی بردنیان بۆ بەردەم دادوەر یان لەکاتی لێکۆڵینەوە و وتە لێوەرگرتنیان ڕوبەڕوی مامەڵەی خراپ و نەشیاو دەبنەوە ، وەك خۆیان ئاماژەیان پێداوە هەندێکیان ڕوبەڕوی وتەی نەشیاو و مامەڵەی ناتەندروست بونەتەوە لەلایەن هیزە ئەمنییەکانەوە .


کاتی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان چۆنبوو لەگەڵت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 17 | 56.67 |
| زۆر باش | 6 | 20 |
| مامناوەند | 3 | 10 |
| خراپ | 2 | 6.67 |
| زۆر خراپ | 2 | 6.67 |


- گرفتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە شوێن و جێگە و خزمەتگوزارییەکانیان بونی نییە ، هەندێ کات بەهۆی زۆربونی ژمارەی کەیسەکان گرفتی جێگا دروست دەبێت ، لەبەرئەوەی پاك و خاوێن ڕاگرتنی شوێنەکە لەلایەن کەیسەکان خۆیانەوەیە هەندیجار گرفتی پاك و خاوێن ڕاگرتن دروست دەبێت .

کێشەت لەگەڵ کام لەمانە هەیە؟




| | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| هیچیان | 24 | 80 |
| ڕوناکی | 4 | 13.33 |
| شوێن | 2 | 6.67 |
| تەوالێت و حەمام | 1 | 3.33 |


### کام لەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە دەستەبەر کراون؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کارەبا | 30 | 100 |
| سپلیت | 30 | 100 |
| سەلاجە | 30 | 100 |
| ڕوناکی | 29 | 96.67 |

- دابین کردنی جل و بەرگی وەرزی لەلایەن ڕێکخراوەکانەوەیە و توانیویانە تاڕادەیەکی باش جل وبەرگ و پێداویستییەکانیان بۆ پڕبکەنەوە .


پۆشاکی وەرزیتان هەیە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 26 | 86.67 |
| نەخێر | 3 | 10 |

- سەرەڕای بونی بەرخۆرکردن ، بەڵآم زۆرینەیان ئاماژە بەکەمی ماوەی بەرخۆرکردن دەکەن ، کە ڕۆژانە کەمترە لە یەك کاتژمێر.

**بەرخۆرکردنتان هەیە؟**




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 90 | 27 | بەڵێ |
| 10 | 3 | نەخێر |

- سەردانی کردنی کەس وکاری کەیسەکان هۆکاریکی گرنگە بۆ باشتر بونی ڕەوشی دەرونی کەیسەکان، وە لەلایەکی ترەوە دەکرێت لەو ڕێگەویەوە هەوڵبدرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو حاڵەتە نەخوازراوەی کەیسەکانی تێدا دەژین و کۆتایی هێنان بەو هەڕەشەیەی کەلەسەر ژیانیان دروست بووە.


ریگە دەدەن سەردانت بکەن؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 96.67 | 29 | بەڵێ |

- هەست کردن بە ئارامی و پارێزگاری لای کەیسەکان ئاماژەیەکی گرنگە بۆ پێداویستی بوونی خانەکانی دالْدەدانی ژنان و پارێزگارییلێکردنیان لەو هەڕەشانەی کە روو بەڕویان دەبێتەوە .


هەست بە پارێزراوی دەکەیت لێرە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 26 | 86.67 |
| نەخێر | 3 | 10 |

- پەیوەند کەیسەکان بەدەرەوە لەڕێگەی تەلەفونەوەیە کە دەتوانن لەڕێیەوە ئاگاداری کەسوکاریان و هەواڵی دەرەوە ببن .


ئایە دەتوانن تەلەفۆن بەکار بێنن؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 26 | 86.67 |
| نەخێر | 4 | 13.33 |


- هەست کردن بە بوونی جیاکاری بەهۆی بوونی جیاوازیکردنە لەنیوان کەیسەکان بە پێی ماوەی مانەوەیان لەخانەی داڵدەدانی ژنان ، ئەوانەی کەئاماژەبەبونی جیاکاری دەکەن باس لەوەدەکەن کە ئەوکەیسانەی زۆرتر لەوێ ماونەتەوە زیاتر خزمەت دەکرێن و ئازادانە هەڵسوکەوت دەکەن بەبەراورد بەوکەیسانەی دواتر هاتوون.

هەست بە هیچ جیاکاریەک دەکەیت؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 63.33 | 19 | نەخێر |
| 36.67 | 11 | بەڵێ |


ئەگەر بەڵێ ،لەسەر چ بنەمایەک؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | 7 | 23.33 |
| ئابوری | 5 | 16.67 |
| سیاسی | 1 | 3.33 |
| دین | 1 | 3.33 |
| نەتەوە | 1 | 3.33 |


- لایەنی پزیشکی وەك لە راپۆرتی ساڵی پێشووی پرۆژەکەدا ئاماژەمان پێداوە ، لە نزمترین ئاستییدایە ، ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی دابین دەکرێت تەنیا دەرمانە ئەویش تەنیا چەند جۆرەدەرمانێکی سەرەتایی و دیاریکراو ، کەلە باشترین حالەتدا لە چەند جۆرەدەرمانێك تێناپەڕێت .

لەڕوی تەندروستیەوە چۆنیت؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 14 | 46.67 |
| خراپ | 8 | 26.67 |
| مامناواند | 5 | 16.67 |
| زۆر خراپ | 3 | 10 |

### ئایە پێداویستی پزیشکیتان بۆ دابین کراوە؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 19 | 63.33 |
| نەخێر | 10 | 33.33 |

### کام لەمانەی خوارەوە دەستەبەر کراون؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دەرمان | 21 | 70 |
| چاودێری پزیشکی | 9 | 30 |
| دکتۆر | 7 | 23.33 |
| هیتر | 1 | 3.33 |


شێوازی وەرگرتنی دەرمان چۆنە؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 70 | 21 | لە کاتی خۆیدا |
| 13.33 | 4 | پێویست دەکات کەمێک چاوەڕێ بین |
| 10 | 3 | بەدەستمان ناگات |
| 6.67 | 2 | درەنگ دەگاتە دەستمان |


- بەهۆی نەبوونی یاریدەدەری پزیشکی و پزیشکی تایبەتمەند لە خانەی داڵدەدانی ژنان ، لە کاتی پێویستدا کەیسەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێت ، کە ئەمە لەلایەکەوە بارگرانی بۆ ئیدارەدەکات و لەلایەکیترەوە مەترسی بۆسەر سەلامەتی گیانی کەیسەکان دروست دەکات .

لە حاڵەتی تەندروستی پێویستدا هەواڵەی دەرەوە دەکرێن؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 93.33 | 28 | بەڵێ |
| 6.67 | 2 | نەخێر |


ئەگەر بەڵێ، چەندی پێ دەچێ تا هەواڵە دەکرێن؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خێرا | 15 | 50 |
| درەنگ | 7 | 23.33 |
| زۆر درەنگ | 6 | 20 |

- بەهۆی کەمی ژمارەی توێژەرانی دەروی و کۆمەلایەتی و زۆربونی ژمارەی کەیسەکان ناتوانرێت وەك پێویست لەڕووی دەرونییەوە خزمەتگوازری پێشکەشی کەیسەکان بکرێت ، کە لە هەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە و گرفتی دەروونی و هەوڵدان بۆخۆکوژی، خزمەتگوزاری دەروونی گرنگترین خزمەتگوازارییە کە پێویستە پێشکەشی کەیسەکان بکرێت بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە کەیسەکانی تێدا دەژی کە بەداخەوە تائێستا وەك پێویست نییە و لە چوارچێوەیەکی زۆر بچوکدا کاردەکرێت لەم بوارەدا.


.لە روی دەرونیەوە چۆنیت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 11 | 36.67 |
| خراپ | 8 | 26.67 |
| مامناوەند | 7 | 23.33 |
| زۆر خراپ | 3 | 10 |
| زۆر باش | 1 | 3.33 |


- ئەنجامدانی چالاکی و خول و وەرزش ، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر باردی دەروونی و جەستەیی کەیسەکان هەیە، ئەگەرچی لە ئاستی پیویست نیە و بەردەوامییان نیە بەلام توانراوە تارادەیەك چالاکییەکان ناوبەناو ئەنجامبدریێت ، تەواوی چآلاکی و خول و وەرزشەکان لەلایەن رێکخراوەکانەوە ئەنجامدراوە.

هیچ چالاکیەک لەم شوێنە ئەنجام دەدرێت؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 30 | 100 |

ئەگەر بەڵێ، کام لەمانەی خوارەوە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خەیاتی | 22 | 73.33 |
| ئیشی دەست | 17 | 56.67 |
| هیتر | 6 | 20 |
| پەروەردەیی | 5 | 16.67 |
| دەرونی | 3 | 10 |
| ساڵۆن | 1 | 3.33 |

شوێنی وەرزشتان هەیە؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 24 | 80 |
| نەخێر | 6 | 20 |

- بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی

## کۆی گشتی فۆڕمەکان ٣٩ فۆڕم


رەگەز




| رەگەز | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | 26 | 66.67 |
| مێ | 13 | 33.33 |


- زۆرجار ئاماژە بەوەدەدرێت کە خراپی باری گوزەران هۆکارێکی سەرەکی تاوانە ، بەڵام لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی کات ئەو بۆچوونە ڕاست نیە و باری ئابوری هۆکاری سەرکی تاوان نیە ، بەڵکو هۆکاری تەری لە پشتە.

باری ئابوری





| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 64.1 | 25 | باش |
| 12.82 | 5 | خراپ |
| 10.26 | 4 | مامناوەند |
| 7.69 | 3 | زۆر باش |
| 5.13 | 2 | زۆر خراپ |

## باری خێزانی





| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 61.54 | 24 | سەڵت |
| 38.46 | 15 | خێزاندار |

## نەتەوە




| ڕێژە | ژمارە | نەتەوە |
|---|---|---|
| 94.87 | 37 | کورد |
| 5.13 | 2 | عەرەب |


**بڕوانامە**




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 51.28 | 20 | ناوەندی |
| 20.51 | 8 | سەرەتایی |
| 17.95 | 7 | هیچکامیان |
| 7.69 | 3 | دوا ناوەندی |
| 2.56 | 1 | زانکۆ |

- وەك لە بەشی گرتن و گواستنەوەشدا ڕاگیراوان ئاماژەیان پێداوە، لێرەشدا بەهەمان شێوە هەندێك لە سزادراوان ئاماژە بەوە دەكەن لە كاتی دەستگیركردندا مامەڵەی نەشیاو و توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجامدراوە.


کاتێک دەستگیرکرایت مامەڵەیان چۆنبوو لەگەڵت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 22 | 56.41 |
| زۆر خراپ | 7 | 17.95 |
| خراپ | 6 | 15.38 |
| زۆر باش | 3 | 7.69 |
| مامناوەند | 1 | 2.56 |

- زۆرینەی سزادراوان جارێکی تر دەستگیرکراون و سزادراون، پاشان جارێکی تر دەستگیرکراونەتەوە ، کە دەکریت لێرەدا ئەو پرسیارە بکرێت ، ئایا شێوازی لێکۆڵینەوە و دادگایی و سزادان بۆچی نەبونەتە هۆی ئەنجامدانی چاکسازی لە سزادراودا و جارێکی دی گەڕاونەتەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان؟ ئایا یاسای لێبوردنی گشتی هۆکارێك نەبوە بۆ زیادبونی تاوان و دەرباز بونی تاوانباران لە سزا؟


پێشتر دەستگیر کراویت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 28 | 71.79 |
| نەخێر | 11 | 28.21 |

- بونی پارێزەر و ئامادەبونیان لە کاتی دادگایی و لێکۆڵینەوە ، گرەنتی پاراستنی مافی تۆمەتبار و دادگایی کردنێکی دادپەروەرانە دەکات ، هەرچەندە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دادگا پارێزەری مونتەدەب بۆ تۆمەتبار دابین ناکاتسەرەڕای بوونی دەقی یاسایی لەوبارەیەوە.

پارێزەرت هەیە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 28 | 71.79 |
| نەخێر | 11 | 28.21 |


- شێواز و چۆنییەتی دادگایی کردن ، زۆرجار وا لە تۆمەتبار دەکات هەست بە دادپەروەریی نەکات لە کاتی دادگایی کردندا ، بەهۆی دریژەکێشانی ماوەی دادگایی کردن و شێووازی مامەڵە لەگەڵ تۆمەتبار لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن ، تا ئێستاش نەتوانراوە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوبەڕوی حاڵەتی ئەشکەنجدان ببینەوە ، ئەویش بەهۆی لاوازی چاودێریکردنی ڕەوتی لێکۆڵینەوە و نەبونی ئامرازو شێوازی سەردەمیانەی لێکۆڵینەوە ، هەر لەبەر ئەو هۆیە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا پەنا دەبرێتە بەر دانپێدانانی تۆمەتبار لە ڕێگەی ئەشکەنجەوە ، کە لە ئێستادا ئەگەر ئەشکەنجەی جەستەیی کەم بوبێتەوە بەڵامئەشکەنجەی دەروونی بەشوویێازی جۆراو جۆر لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بەردەوامە.

هەست دەکەی دادگای کردنەکەت دادپەروەرانە بووە؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 23 | 58.97 |
| نەخێر | 16 | 41.03 |

لە کاتی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان چۆن بو لەگەڵت؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 38.46 | 15 | باش |
| 23.08 | 9 | خراپ |
| 20.51 | 8 | زۆر خراپ |
| 12.82 | 5 | زۆر باش |
| 5.13 | 2 | مامناوەند |

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هیچ ئامێرێکی ئەشکەنجەدان بەکار هێنراوە؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 53.85 | 21 | نەخێر |
| 46.15 | 18 | بەڵێ |


ئەگەر بەڵێ، بە چ شێوازێک ئەشکەنجە دراویت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دەرونی | 13 | 33.33 |
| جەستەیی | 4 | 10.26 |
| هەردوکیان | 1 | 2.56 |


- تەواوی سزادراوان لە مامەڵەی ئیدارەی چاکسازی ڕازیین ، کە ئاماژەیە بۆ بونی پەیوەندییەکی باش لە نیوان سزادراوان و ئیدارەدا ، وەتوانراوە ئەو گرفت و کێشانە چارەسەر بکرێت کە لەڕاپۆرتی ساڵی ڕابردوەدا ئاماژەی پێکراوبوو.

مامەڵەی ئیدارە چۆنە لەگەڵت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 30 | 76.92 |
| زۆر باش | 9 | 23.08 |


هیچ وەڵامدانەوەیەک بۆ داواکاریەکانت هەیە لە لایەن ئیدارەوە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 39 | 100 |

- دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی سزدراوان لە مافە سەرەتاییەکانی سزدراوانە و ئاماژەیە بۆ بونی گرنگی پێدان بەڕەوشی سزادراوان لەم بوارەدا.

کام لەم خزمەتگوزاریانە دەستەبەر کراون؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 100 | 39 | کارەبا |
| 100 | 39 | ڕوناکی |
| 100 | 39 | سەلاجە |
| 97.44 | 38 | سپلیت |


- بەهۆی کۆنی و نەگونجاوی بیناکە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی وەك چاکسازی ژنان و منداڵان ، تەوالێتەکان لە ناوشوێنی مانەوەی سزادراوانە کە هەندێجار بۆنی تەوالیتەکان بێزاریان دەکات.

تەوالێتەکان لە کوێن؟




| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 97.44 | 38 | لەناو بیناکەدا |
| 2.56 | 1 | لەدەرەوەی بیناکەدا |


ئەمە بێزارت دەکات؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نەخێر | 31 | 79.49 |
| بەڵێ | 8 | 20.51 |


- سزادراوان ئاماژە بەوەدەکەن کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا خراونەتە ژووری تاکەکەسی ، وەك فشارێك لەسەریان بۆ دانپێدانانیان بەو تۆمەتانەی کەئاڕاستەیان کراوە.

خراویتەتە ژوری تاکەکەسی؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نەخێر | 26 | 66.67 |
| بەڵێ | 13 | 33.33 |


هەست بە ئارامی و پارێزراوی دەکەیت؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 38 | 97.44 |
| نەخێر | 1 | 2.56 |

- بەهۆی کەمی کارمەندی پێویست بۆ چاودێریکردنی سزادراوان ، زۆرجار پەنادەبرێتە بەر ئەوەی کە لەناو سزادراوان خۆیان کەسانێك دابنرێت وەك چاودێربەسەرخۆیانەوە ، کە ئەمە بەتەواوی پێچەوانەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە بۆ پاراستنی مافی سزادراوان و بەدیهێنانی دادپەورەری و یەکسانی لە نێوان سزادراوان ، وە پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ دامەزراندنی کارمەندی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.


لەناو خۆتاندا کەس چاودێریتان دەکات؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 29 | 74.36 |
| نەخێر | 10 | 25.64 |

- سەرەڕای کۆنی و نەگونجاوی بینای چاکسازی بەڵام توانراوە تاڕادەیەك شوێنێکی گونجاو دابین بکرێت بۆ چاوپێکەوتنی سزادراوان و ڕاگیراوان لەگەڵ کەسوکاریان.


شوێنی سەردانی کردن چۆنە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 35 | 89.74 |
| مامناوەند | 1 | 2.56 |
| خراپ | 1 | 2.56 |
| زور باش | 1 | 2.56 |
| زور خراپ | 1 | 2.56 |


- ئەنجامدانی خول و بوونی کتو وەرزش کردن ئامرازێکی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی و پیشەیی سزداراوان و ڕاگیراوان ، وە لە هەمانکاتدا دەرفەتێکە بۆ چاکسازیکردنێکی ڕیشەیی لە سزادراواندا بەمەبەستی نەگەڕانەوەیان بۆ تاوان باش ئازادبونیان ، ئەنجامدانی چەندخولیك لەیەککاتدا نیشانەی بەدەمەچوونی سزادراوان و راگیراوانە بۆ خولەکان سەرەڕای پچڕپچری خولەکان و بەردەوام نەبونیان بۆ ماوەیەکی درێژ.

هیچ خولێکتان بۆ دەکرێتەوە؟





| ڕێژە | ژمارە | |
|---|---|---|
| 92.31 | 36 | بەڵێ |
| 7.69 | 3 | نەخێر |

ئەگەر بەڵێ، چ خولێک؟؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نیشی دەست | 30 | 76.92 |
| خەیاتی | 15 | 38.46 |
| سالۆن | 10 | 25.64 |
| هیتر | 3 | 7.69 |
| دەرونی | 1 | 2.56 |

شوێنی وەرزش کردنتان هەیە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 38 | 97.44 |
| نەخێر | 1 | 2.56 |

کتێبخانەتان هەیە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 39 | 100 |


ڕێگەت دەدەن خۆت بدەیتە بەر خۆر؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 39 | 100 |


- پاش بڕیاری وەزارەتی تەندروستی بە لابردنی بنکە تەندروستتییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ژنان و منداڵان و بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ، بۆشاییەکی تەندروستی گەورە دروست بو، هەرچەندە لە پێشتریشدا کە بنکە تەندروستییەکان هەبون لە ئاستی پێویستدا نەبون ، بەڵام بە بڕیاری لابردنیان گرفت و ئاستەنگی زۆریان بۆ ڕاگیراوان و سزادراوان و ئیدارەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و بەشی گرتن وگواستنەوە دروست کرد ، لە دابین کردنی دەرمانەوە تا شێووازی پێدانی دەرمان و دابین کردنی دکتۆری پسپۆڕ ، لە حاڵەتی ڕودانی هەر کەیسێکدا کە پێویستی بە چارەسەری پزیشکی بێت دەبێت ڕەوانەی نەخۆشخانەی چاکسازی گەوران بکرێت ، کە ئەمەش بەرپرسیارێتی سەلامەتی گیانی تۆمەتبار و سزادراو دەخاتە مەترسی ، لە هەمانکاتدا هەواڵە کردنی تۆمەتبار و سزادراو بۆ نەخۆشخانە دوادەخات ، کە دەبێت ماوەیەك چاوەڕێ بکەن تا بڕیاری هەواڵەکردن دەدرێت ، ئەمەسەرەڕای کەمی و دیاریکراوی دەرمانەکان ،نەبونی دکتۆری پسپۆڕی ژنان و پیاوان بە پێی پێوست ، نەبونی دکتۆری دەروونی ، کەمی ژمارەی توێژەرە دەروونییەکان کە ناتوانن لایەنی کەمی چآرەسەری دەروونی پێشکەشی سزادراوان و ڕآگیراوان بکەن ، هەرئەمەش وای کردوە کە گەورەترین کێشەی ڕاگیراوان و سزادراوان لایەنی تەندروستی بێت.

تەندروستیتت چۆنە؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 31 | 79.49 |
| خراپ | 4 | 10.26 |
| مامناوەند | 2 | 5.13 |
| زۆر باش | 1 | 2.56 |
| زۆر خراپ | 1 | 2.56 |

لەم شوێنە دەرمانتان بۆ دابین دەکرێت؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 31 | 79.49 |
| نەخێر | 8 | 20.51 |

شێوازی وەرگرتنی دەرمان چۆنە؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| لە کاتی خۆیدا | 29 | 74.36 |
| درەنگ دەگاتە دەستمان | 5 | 12.82 |
| پێویست دەکات کەمێک چاوەڕێ بین | 5 | 12.82 |

دکتۆری تایبەت بە ئافرەتان و پیاوان بەردەستە؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 27 | 69.23 |
| نەخێر | 12 | 30.77 |

لە ڕوی دەرونیەوە چۆنیت؟





| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | 22 | 56.41 |
| خراپ | 9 | 23.08 |
| مامناوەند | 5 | 12.82 |
| زۆر خراپ | 3 | 7.69 |

لەم شوێنە توێژەری دەرونی هەیە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 24 | 61.54 |
| نەخێر | 15 | 38.46 |

گەورەترین گرفت لەم شوێنەدا چییە؟




| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تەندروستی | 19 | 48.72 |
| هیچیان | 18 | 46.15 |
| شێوازی دادگایی | 2 | 5.13 |

## ◆ بنکەکانی پۆلیس:

شاری سلێمانی کە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلیمانی ، دابەش کراوە بۆ بەشی ڕۆژهەڵات و بەشی ڕۆژئاوا و کە ١٢ بنکەی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان کە ئەوانیش لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکهاتوە.

پاش سەردانیکردنمان بۆ تەواوی بنکەکانی پۆلیسی شاری سلێمانی، وە پاش چاو پێکەوتن لەگەڵ کارمەندان و ئەفسەرانی بنکەکانی پۆلیسی شاری سلێمانی ، بەشێوەیەکی گشتی کێشە و گرفتەکانیان بە کورتی دە خەینەڕوو:

هەندێك لە بنکەکانی پۆلیس لەناو گەڕەکەکاندان و زۆرنزیکن لە ماڵەکانەوە، وەك هەندێك لە ئەفسەرانی بنکەکانی پۆلیس ئاماژەیان پێدەدا زۆرجار ئەم نزیکییە کێشە و گرفتی دروست کردوە بۆ کارەکانیان، وە کارمەندی پێویستییان لەبەردەست نییە بۆڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان، هیچ بەشێکی دیاریکراو لەناو بنکەکانی پۆلیس بونی نییە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار بەشێوەیەکی کاتی، بەناچاری لە بنکەکانی پۆلیسدا شوێنێك تایبەت کراوە بە ڕاگرتنی تۆمەتبار کە بەهیچ شێووەیەك شیاو نییە و هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی تێدا نییە، لە پاك و خاوێنی و کارەبا و ساردکەرەوە و گەرم کەرەوە.

نەبونی کارمەندی پۆلیس لە ڕەگەزی مێ لەناو بنکەکانی پۆلیس هەندێ جار گرفت بۆئەو ئافرەتانە دروست دەکات کە شکاتیان لێکراوە یان خۆیان شکاتکارن .

بەهۆی کۆنی و نەگونجاوی زۆرێك لە بنکەکانی پۆلیس، وە بونی ئەوبنکانە لە ناو خانووی کرێدا ناتوانرێت پرۆسەی لێکۆڵینەوە وەك خۆی ئەنجامبدرێت، ناتوانرێت تەنانەت نهێنی لێکۆڵینەوە بپارێزریت بە هۆی بونی چەند ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە لە یەك ژووردا.

کەمی ژمارەی لێکۆڵەرەوانی دادوەری لە ناو بنکەکانی پۆلیس گرفێکی تری قۆناغی لێکۆڵینەوەیە، کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی یەکلایی کردنەوەی دۆسییەکان و مانەوەی تۆمەتبار لە بەشی گرتن و گواستنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر.

پاش بڕیاری دانانی دادوەری لێکۆڵینەوە لە بنکەکانی پۆلیس، گرفت بۆ بنکەکانی پۆلیس دروست بوە لە ڕوی کارکردنەوە، لەبەرئەوەی بنکەکانی پۆلیس یان لە خانووی کرێدان یان لەکاتی دروست کردنیاندا ڕەچاوی بوونی دادوەری لێکۆڵینەوە نەکراوە و لە ئێستادا بە ناچاری بەشێك لە شوێنی تایبەتی کارکردنی خۆیان دابین دەکەن بۆ دادوەرانی لێکۆڵینەوە.

## پێشنیازەکان:

١. دروســـت کردنی هێزی (پۆلیســـی دادوەریی) بەشـــێوەیەك کە ڕاســـتەوخۆ لە ژێر چاودێری و دەســـەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوەدابن ، وە ڕاهێنانیان لەســـەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و بنەما یاســـاییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتبار.

٢. بەدەممەوە چونی داد گا بۆ ئەو کەیســـــانەی کەماوەی ڕاگیرانی یاساییان تەواو بوە و هێشتا دۆسییەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە.

٣. وەزارەتی تەنـدروســـتی حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان و بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی تەندروســـتی ســـلێمانی ، هەوڵی چارەســـەری بنەڕەتی بدەن بۆ گرفتی خزمەتگوزاری تەندروســـتی لە (بەشـــی گرتن و گواســـتنەوەی پۆلیســـی پارێزگای ســـلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی چاکســـازی ژنان و منداڵان و خانەی داڵدەدانی ژنان) ، دروستکردنی نەخۆشخانە لە چاکسازی گەوران نەکرێتە بیانویەك بۆلابردنی بنکەتەندروستییەکانی ئەو شـــوینانە ، چونکە وەك ئاماژەمان پێداوە لابردنی بنکەتەندروســـتییەکان گرفت و کێشـــەی زۆری بۆراگیراوان و ســـزادراوان و دروســـت کردوە و ناتوانن بە ئاسانی دەستان بگاتە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان .

٤. دروســـتکردنی بنکەکانی پۆلیس بەشـــێوەیەکی ســـەردەمیانە کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی بنکەکان و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کاری پۆلیس .

٥. وەرگرتنەوەی کاری لێکۆڵینەوە لەپۆلیس و ئاسایش، سپاردنی بە دەسەڵاتی دادوەریی، بەمەبەستی گرەنتی کردنی مافەکانی تۆمەتبار و دادگایی کردنێکی دادپەروارانە .

٦. گرنگی پێدانی تایبەت بەخانەی داڵدەدانی ژنان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری، بەمەبەستی چارەسەر کردنی گرفتی ئافرەتانی بێلانە و هەواڵەنەکردنیان بۆ خانەی دالدەدان لەلایەن دادگاوە.

٧. کردنەوەی خولی ڕاهێنان و هۆشیاری بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کارمەندانی چاکسازی و گرتوخانەکان و خانەی دالدەدانی ژنان، بەمەبەستی ئاشنا کردنیان بەچۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سزادراوان و ڕاگیراوان و کەیسەکان، تا لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانرێت گۆرانکاری بەرچاو بهێنرێتە دی.